(بڵێ: (قُلِ اللهُمَّ اهْدِنِي وَسَدِّدْنِي

له عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموم: «بڵێ: (قُلِ اللهُمَّ اهْدِنِي وَسَدِّدْنِي)^، کاتێك داوای هیدایەت دەکەیت؛ بیر بکەرەوە لەوەی هیدایەت وڕێنموێنی بکرێیت بۆ ڕێگای ڕاست، وکاتێك داوای -جێگیربوون وڕاستڕەوی (السداد)- دەکەیت؛ بیر بکەرەوە لەوەی پابەندی ڕێگای ڕاست بیت وەکو ڕێکی وڕاستی تیر». ^(واتە خودایە داوای هیدایەت وجێگربوون وبەردەوامیم لە تۆ دەکەم (-لەسەر ڕێگای ڕاست -لەسەر ئیستیقامەت

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- کە داوا لە خوای گەورە بکات وبڵێت: (اللهُمَّ اهْدِنِي:خودایە داوای هیدایەتت لێدەکەم)؛ ڕێنمووێنیم بکە وڕێنیشاندەرەم بە، (وَسَدِّدْنِي:وجێگر وبەردەوامیم پێببەخشە)؛ سەرکەوتوو بم، وبم کە بە کەسێکی ڕاستڕەو لە هەموو کاروبارەکانمدا. (الهُدَى:هیدایەت): بریتیە لە ناسینی هەق بە وردی وگشتی، وڕێنموێنی کردن بۆ شوێنکەوتنی لە ناخ وئاشکرادا. (السّداد:جێگیری وبەردەوامی): بریتیە لە سەرکەوتن وڕێکڕەوی لە هەموو کاروبارێکدا بەشێوەیەك بەپێی هەق بێت، ئەمیش ڕێگای ڕاستە لە قسە وکردەوە وبیروباوەڕدا. چونکە شتی واتایی بە خستنەڕووی لە شێوەی هەستپێکراودا زیاتر ڕوون دەبێتەوە؛ بۆیە لەبیرت بێت کاتێك ئەم نزایە دەکەیت: (هیدایەت: بریتیە لە هیدایەتدانت بۆ ڕێگای ڕاست)؛ بە دڵتەوە ئامادە بە لەکاتێکدا داوای هیدایەت وڕێنموێنی دەکەیت وەکو ڕێنیشاندانی ئەو کەسەی سەفەر دەکات، لانادات لەسەر ڕێگاکەی بەلای ڕاست وچەپدا؛ ئەمیش بۆئەوەی ڕێگاکە ون نەکات، وبەم شێوەیە سەلامەت دەبێت و بەخێرایی دەگات بە مەبەستەکەی. (جێگیری: وەکو ڕێکی وجێگیری تیرە)؛ کاتێك تیرێك دەهاوێژیت تێبینی ئەوە دەکەیت بە خێرایی دەگاتە ئامانج ودەپێکێت، تیرهاوێژ ئەگەر تیر بۆ شتێك بهاوێژێت ئەوا تیرەکە لە مەبەستەکەی نزیك دەکاتەوە، بەهەمان شێوە داوا لە خوای گەورە دەکەیت -سبحانه وتعالى- کە ئەو جێگیری وڕاستڕەوییەی لە نیەتتدایە وەکو تیر بێت؛ بۆیە لە نزاکەتدا داوای لوتکەی هیدایەت وڕاستڕەوی وجێگیری دەکەیت. ئەم واتیایە لە دڵتدا ئامادە بکە کاتێك داوای جێگیری وڕاستڕەوی لە خودا دەکەیت؛ هاوشێوەی ئەوەی بەکاریدەهێنێت لەکاتی هاویشتندا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5915